# فەزڵ وپلەبەرزی زانا بەسەر عابیدەوە^ وەکو فەزڵ وپلەی منە بەسەر نزمترین کەس لە ئێوە

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: باسی دوو پیاو کرا بۆ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- یەکێکیان عابیدە وئەوی تریان زانایە؛ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «فەزڵ وپلەبەرزی زانا بەسەر عابیدەوە^ وەکو فەزڵ وپلەی منە بەسەر نزمترین کەس لە ئێوە^^». پاشان پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «خودا وفریشتەکانی وئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان تەنانەت مێرووولەیش لە کونەکەیدا وتەنانەت ماسیەکانیش؛ سەڵات دەدەن~ لەسەر ئەو کەسانەی خەڵکی فێری خێر دەکەن». ^(عابید: واتە کەسێک خۆی یەکلایی کردبێتەوە بۆ خودا پەرستنی زۆر زیاتر لە فێربوونی زانستی شەرعی)، ^^(نزمترین کەس لە ئێوە: لە ڕوانگەی دینداری وتەقواوەیە)، ~(سەڵات دەدەن: واتا نزا بۆ ئەو کەسانە دەکەن لە لای خودا وداوا دەکەن ڕەحمیان لێبکات وخێر وبەرەکەتیان پێببەخشێت)

[حسن لغيره] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

دوو پیاو باسکراو بۆ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- یەکێکیان عابید -زۆر خواپەرست-، وئەوی تر زانا بوو، کامیان باشترە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: فەزڵ وپلەبەرزی زانا بە زانستە شەرعیەکان کە کردەوەی پێدەکات وخەڵکی فێردەکات بە سەر عابید کە خۆی یەکلایی کردووەتەوە بۆ خواپەرستی لەگەڵ زانینی زانستە واجبەکان؛ وەکو فەزڵ ویلە وشەرەفمەندی پێغەمبەرە -صلی الله علیه وسلم- بەسەر هاوەڵانەوە. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیکردەوە هۆکارەکەی ئەوەیە الله -سبحانه وتعالى-، وفریشتەکانی هەڵگری عەرش، وخوڵقێنراوەکانی ئاسمان وەکو فریشتەکان، وخوڵقێنراوەکانی سەر زەوی وەکو مرۆڤ وجنۆکە وهەموو ئاژەڵەکان تەنانەت مێرووولەیش لە خانەکەی خۆی لە ناخی زەویدا، ونەهەنگ وماسی دەریا، وهەموو ئاژەڵەکانی وشکانی ودەریا؛ هەموو ئەمانە نزای خێر دەکەن بۆ ئەو کەسەی زانستەکانی ئاین فێری خەڵکی دەکات چونکە هۆکارە بۆ ڕزگاربوون وسەرکەوتنیان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee